# وەچەی ئەڵڵا



بۆچی پێویستە بیر لە بەرەنگاربوونەوەی زێدەڕۆیانی ئایینی بکەینەوە؟


نووسینی: ئەحمەد مەنسوور

وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی (شوانە)



www.rojhalat.de

www.bokan.de

# پێرست

پێشەکی وەرگێڕ.......................................................................... ٢
سەبارەت بەوگەنجانەی بەپەلە دەبێ یارمەتییان بدەین..................................... ٥

## پێشەکی وەرگێڕ

کێشەی ئیسلامی سیاسی و کارتێکەرییە نەرێنییەکانی لەسەر گەنجان لە گۆڕەپانی قوتابخانە، زانستگا و کۆمەڵگای وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەت وڵاتی ئاڵمانیا، بەردەوام قووڵ و جیددیتر دەبێتەوە. بەداخەوە بەرپرسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەهۆی بوونی تولەرانس، لێبوردوویی و ماقی مرۆڤ لەم وڵاتانە و مەسلەحەتی کاتی ویرنەکردنەوە لە داهاتوو، نەیانتوانیوە ڕوخساری ڕاستەقینەی ئیسلامیستەکانی سەر بە ڕێکخراوەی سیاسی-ئیسلامی-جاسووسی زێدەڕۆی ئیسلامی کە خەریکی گونجاندنی بیرۆکەکانی حکوومەتی ئەردۆغانی تورك و خامنەیی ئێرانین، بناسن. لەو پەیوەندییەدا لە نەوەدەکانەوە تەنیا لە لایەن ڕژیمی کۆنەپەرەستی ئێرانەوە نیزیکەی زیاتر لە ٥٠ بنکەی جاسووسی لە ئاڵمان دروستکراوە کە لە لایەکەوە پارە و یارمەتی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی ئیسلامی بناژۆخواز و تێکدانی مێشکی گەنجان لە دەوڵەتی ئاڵمانیا وەردەگرن، لەولاشەوە دژ بە بەها ئینسانییەکان و ماقی مرۆڤ لەم وڵاتە دەوەستن.

لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ئێران وردە وردە سیاسەتوانانی ڕۆژئاوایی کە تا ئێستا لەسەر بەرژەوەندیی ئابووری خۆیان نەیاندەویست بە چاوی کراوە سەیری مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسی بکەن، چاو و گوێیان کراوەتەوە و بەرەنگاری ئەم دیوەزمەیە بوونەتەوە کە ژیانی مرۆڤیان تەنانەت لەم وڵاتانەش خستۆتە

مەترسییەوە. ئەمڕۆ واتە چوارشەممە ٢٤ی ژوانی ٢٠٢٤ کە خەریکی وەرگێڕانی ئەم نووسراوەیەم، هەواڵ گەیی کە هەموو بنکە جاسووسییەکانی ئێران لە ئاڵمانیا هێرشیان کراوەتە سەر و هەموو کامپیۆتر و سامانی ناو بنکەکان لە لایەن پۆلیسی ئاڵمانیاوە دەستی بەسەردا گیراوە. هیوادارم ئەم کارە بەردەوام بێ و ڕێگا لە چالاکی بنکەکانیتری ئیسلامی سیاسی وەك سەلەفی، ئەردۆغان، حیزبوڵلا و تێڕۆریستەکانیتر بگیرێ.

بۆچی گەنجان بەرەو بیرۆکەی جیهاد لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕادەکێشرێن؟ ئایا ئایینی ئیسلام بەرپرسیارە بۆ کاری تیرۆریستی؟ هەروەها چۆن دەتوانین ڕووبەڕووی توندڕەویی ئایینی ببینەوە؟ تا ئێستا سیاسەت، کۆمەڵگا و بە تایبەت قوتابخانەکان لەکاتی هاتنە ئارای ئەم پرسیارانەدا بێ دەرەتان بوون. سەیریش نییە، چونکە وەک ئەحمەد مەنسوور زانای بەناوبانگی دەروونناس و شارەزای ئایینی ئیسلام بە جەختەوە پیشانی دەدات مشتومڕەکان بەلارێدا دەبرێن. ئەم زانا ڕەخنەگرەی ئایین بە ڕوونی و ڕەنگدانەوەی سەرنجڕاکێشی بارودۆخەکەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە. چونکە کەس وەک ئەو هەردوولا ناناسێت. ئەو، پێش ئەوەی ببێتە ڕەخنەگەری ئایینی، خۆی ئیسلامییەکی گەلێك توندڕەو بووە. ئەحمەد مەنسور ئێستا لە بەرلین وەک دەروونناسێک کاردەکات و چاودێریکار و یارمەتیدەری خێزانی گەنجانی توندڕەو و زێدەڕۆیە و بەهۆی پاشخانی ئەزموونەکانی خۆی و کارە کۆنکرێتیەکانی خۆپاراستن، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پیشان دەدات کە ڕادیکاڵکردنی گەنجان کارێکی گەلێك ساکار و گونجاوە و بانگەشە بۆ چاکسازی لە پراکتیزەکردنی ئایینی ئیسلام دەکات.

ئەحمەد مەنسوور، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٦، عەرەبی ئیسرائیلییە و لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لە شاری بەرلین دەژی. دەروونناسێکی شارەزایە و هاوکاریی پرۆژەکانی دژ بە توندڕەوی دەکات. بەهۆی چالاکییەکانیەوە خەڵاتی موسە-مێندێلسۆنی "Moses-Mendelssohn" بۆ پەرەپێدانی تولەرانس و لێبوردەیی وەرگرت. وەك حامید عەبدولسەمەد، ئەویش چەندین بڵاوکراوەی لەسەر بابەتی ئیسلامیزم، سەلەفیزم و دژە جوولەکەگەرایی بڵاوکردۆتەوە.

نادر فەتحی (شوانە)

## سەبارەت بەو گەنجانەی دەبێ بەخێرایی یارمەتییان بدەین

عابید، گەنجێکی بەتوانای شاری ئۆفێنباخ "Offenbach"، خوێندنی ئامادەیی بە ئەنجامێکی باش تەواو کردووە. دەورەی سەربازیی لە ئاڵمان تەواو کردووە و ئێستا قوتابیی زانستگا لە بواری کاری کۆمەڵایەتیە. ژیانی پیشەیی داهاتووی گەلێك هومێدبەخشە. چلۆن لە پڕێکدا کەوتە دۆخێکەوە بەها دیموکراسیەکانی ئەم کۆمەڵگایە ڕەت کاتەوە؟ چی ڕوویداوە؟

هێلێنا"Helena"، کیژێکی گەنجی شەرمن و دڵۆڤان، وەک مەسیحییەکی ئۆرتۆدۆکس گەورە بووە. لە ماوەی چەند مانگێکدا لەبەر چاوی دایکی، ژنێکی موسڵمانی خواپەرستی لێ دروست دەبێ، خاوەنی تێڕوانینێکی ڕادیکاڵ و ڕووپۆش لەسەرە، و گەورەترین ئاواتی ئەوەیە هاوسەرگیری لەگەڵ موسڵمانێکی دڵسۆز بکات و تەنانەت هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ خێزانەکەیدا دەپچڕێنێت. ئەو کچە کێ ناسیوە؟ بەدوای چیدا گەڕاوە و چی دۆزیوەتەوە؟

جێنس"Jens"، کوڕێکی گەڕەکێکی بەرلین، خوێندکارێکی باش نەبوو، بەڵکو گەنجێکی خاوەن خەون و ئارەزوو بوو، چێژی لە ئازادییەکەی وەردەگرت و بەدوای مانای ژیانیدا دەگەڕا. لە ماوەی سێ مانگی هاویندا وەک کرێکارێکی کاتی بۆ کۆمپانیایەك، دۆخی بە تەواوی دەگۆڕێت. لەو کاتەوە ڕۆژانە سەردانی مزگەوتێک دەکات، نوێژ دەکات، بەڕۆژوو دەبێت و تێگەیشتن و تامەزرۆیی بۆ ئیسلامیزمی

بناژۆخواز لەخۆی نیشان دەدات. لەپڕێکدا کۆچ دەکات بۆ سوریا، پەیوەندی بە دەوڵەتی ئیسلامی(داعش)ەوە دەکات و خەونی ژیان و مردنێکی قارەمانانە لەڕێگای جیهادەوە دەبینێت. ئەم گۆڕانەی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ چ شتێك کارتێکەریی لەسەر بووە؟

ئەم چەشنە ڕووداو و ژیاننامانە، کە دواتر بە وردی دەگەڕێمەوە سەر هۆکارەکانیان، ئێستا لە ئاڵمانیا، هەروەها لە سەرانسەری ئەوروپا تەنانەت لە سەرانسەری جیهانی ڕۆژئاوادا باوە و بەردەوام پەرە دەستێنن. لێرەدا باس لەسەر هۆکارەکانی ئەم ڕووداوانەن و چلۆن دەتوانین هەڵسوکەوتیان لە هەنبەردا بکەین. چونکە کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگاکەمان واز لە چاو قووچاندن بهێنێت و دەست بکات بە سەیرکردنی هەزاران هەزار گەنج کە من ناوی "وەچەی ئەڵلا"م لەسەر داناون.

زستانی ساڵی ٢٠١٤ سەردانی شوێنی ڕووداوێك لە باکووری پارێزگای هێسن دەکەم، شارێک کە نزیکەی ٥٠ هەزار دانیشتووی هەیە. من و هاوکارێکم لە بەرلینەوە بۆ کاری پەروەردەیی ئەم سەفەرەمان لە پێشە. نزیکەی بیست گەنج لە هۆڵێکی وەرزشی چاوەڕێمان دەکەن. پلەی کەشوهەوا لە ڕۆژانی پێشوو دابەزیبوو و بەفر باریبوو. گەنجەکان بە پۆلیوێری کڵاودارەوە، شاڵگەردن، کڵاوی بەیسباڵ و سەرپۆش و پێڵاوی نایکەوە لە پەنا شۆڤاژی لاینی درێژی هۆڵەکەدا کۆبوونەتەوە. ئایا تامەزرۆییان بۆ قسەکردن لەگەڵ دوو کەس هەیە کە لە بەرلینەوە هاتوون و دەیانەوێ لەسەر مەترسییەکانی بناژۆخوازی و ڕادیکاڵبوون ئاگاداریان کەنەوە؟ دیارە ئێمە وەڵامەکەی نازانین، بەڵام لانیکەم ناوەکانمان

ئەحمەد"Ahmad" و جەم"Cem" ناوی عەرەبی و تورکین، ئەمەش متمانە دروست دەکات و ڕەنگە کەشوهەواکە ئارام کاتەوە.

خواردنەوە و پیتزا بۆ گەنجان ئامادە دەکەین، کچانی بە سەرپۆش و بێ سەرپۆش بە شێوەیەکی خوشکانە خواردنەکە لەناو خۆیاندا بەش دەکەن. هەندێک لە کوڕەکان ڕیشیان هەیە و کڵاوی بچووکیان لەسەرە. هەندێکی تر دەیانەوێت لە ڕوخساری هیپ هۆپدا دەرکەون. چ شتێك لێرە چاوەڕوانیمان دەکات؟ وەک هەمیشە لەگەڵ ئەم چەشنە ڕووبەڕووبووانەدا برێك پەرۆش و کونجکۆڵین و کەمێکیش دەمارگیر. با بزانین چی دەتوانین بکەین؟

ئێمە دەمانەوێ لە باخچەی ڕۆشنگەریدا "بیرچێنەر" بین، حەز بە چاندن دەکەین و هەندێکجاریش دەست دەکەین بە ڕنینی گژوگیای هەرز. هیوادارین بە جەختکردن لە کۆمەڵگای مەدەنی، شارستانی، کۆمەڵگەی دیموکراسی کە ئەم گەنجانە تێیدا دەژین، بتوانن پاداشتەکەی وەربگرن. تەنیا بەم شێوەیە کاری خۆمان بە سەرکەوتوو دەبینین. بەڵام بۆ ئەو کارە هێشتا زۆر کەم هێزی ئینسانی تەرخان کراوە، زۆرجار کاتێکی گەلێك کەم و سنووردارمان بۆ ئەرکەکانمان هەیە چونکە بە سادەیی شوێنی لەوچەشنە گەلێك زۆرن و دەبێ هاوکات لە هەموو ئەم شوێنانە بەشدار بین.

ئەم کارەمان لە ناوەندەی گەنجانی باکووری هێسن، دەکرا لە هەر شارێک یان شارۆچکەیەکیتری ئاڵمانیا بەڕێوەبچێ. چیرۆکەکان لە سەرانسەری وڵاتدا زۆرجار هاوشێوەن. لەم حاڵەتەدا، توێژەری کۆمەڵایەتی سەنتەرەکە ئیمەیڵێکی نیگەرانکەر و گەلێك مەترسیداری بۆ نووسیبووین. بۆ بەستێنی باسەکە: لەسەدا ٩٩ی ئەو گەنجانەی

بەردەوام سەردانی ناوەندەکە دەکەن، پێشینەی موسڵمانیان هەیە. کارمەندە دڵسۆزەکانی شانازی بەوە دەکەن کە کیژانێکی زۆر ڕوویان تێدەکەن. ئەمە شتێکی ئاسایی نییە. ئەو خێزانانەی سیستەمی بەهای پیاوسالاری ئیسلامییان هەیە، زۆرجار ڕێگە بە کچەکانیان نادەن بەشداری هیچ چالاکییەك بکەن، وەک یانەیەکی لاوان کە تێیدا کوڕان بناسن، لێکتر نیزیك بنەوە و کاریگەری "مرۆڤی نامۆ"یان لەسەر بێت. بەڵام لێرەدا وێدەچێت ئەم هەڵسوکەوتە جیاواز بێت.

بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی ئەو ئیمەیڵەی کە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکە بۆی نووسیبووین، وێنەیەکی باوەڕپێکراو دەرکەوت. پێشهاتە بێزارکەرەکان بەرپرسانی ناوەندەکەی نیگەران کردبوو. لە ماوەیەکی کەمدا لێدوانی بە ئاشکرای دژە جوولەکە لە نێو گەنجاندا پەرەی سەندبوو. توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاهێنەرانی ناوەند تووشی ترس و دڵەڕاوکێ ببوون کاتێک بینیویانە گەنجان چلۆن بە تامەزرۆییەوە چەپڵەیان بۆ هەواڵی هێرشکردنە سەر دامەزراوە جولەکەکان لە ئەوروپا لێداوە. تەنانەت ئەگەر بوونی کچان لە کۆبوونەوەکەدا خۆی لە خۆیدا ئاسایی بێت، لە نێوان ئەو نێر و تەنانەت مێیانەی میوانداری ناوەندەکە دەکەن، زیاتر هەڵسوکەوتی جێی پرسیار دەردەکەوێت: "خوشکەکەم خۆت داپۆشە پێش ئەوەی ببیتە خۆراکی ئەبەدی بۆ ئاگری دۆزەخ." لەپڕێکدا هۆشدار و ئاگاداریی لەم چەشنە و هاوشێوەیانە دەبیسترا. هەندێک لە کوڕان ئامادە نەبوون یاریی پینگ پۆنگ لەگەڵ کیژەکان بکەن، خواردنی هاوبەش دروست بکەن، پێکەوە سەیری ڤیدیۆ بکەن یان لەگەڵ ئەوان گوێ لە مۆسیقا بگرن. هەندێکیتر هاوسۆزی سەلەفییەکان بوون، بەشدارییان لە وتارەکانیاندا دەکرد و بە ڤیدیۆی ئیسلامیستە

ئاڵمانییەکانی سوریا و عێراق دڵخۆش بوون کە لە مۆبایلە زیرەکەکانیانەوە سەیریان دەکرد.

بە گشتی، توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون تامەزرۆیی لەسەر پرسیاری سەبارەت بە "ئایین"، لە چەند ساڵی ڕابردووەوە لە نێو گەنجاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرز بۆتەوە و تاقمێك لە گەنجانی ناوەندەکەیان بە مرۆڤی ڕادیکاڵ و زێدەڕۆ ناودەبرد.

ئەوەی ئەو بەرپرسانە بۆیان باس کردبووین، ڕەنگە بۆ هەندێک گوێ سەیر بێت، لەوانەیە بەزەحمەت باوەڕیان پێ بکرێت. بەڵام دۆخی هەزاران شوێنیتری ئاڵمانیا کە ئەمڕۆ زۆرێک لە خێزانە موسڵمانەکانی تێیدا دەژین، لەگەڵ ئەو ناوەندی گەنجان جیاوازیی نییە. "ڕادیکاڵبوون"، "گۆشەگیرکردن" و بناژۆخوازی ئایینی بەردەوام لەو کۆمەڵانەدا پەرەی سەندووە، بە تایبەت لە نێو گەنجاندا. تەنیا ئەوەندەیە کە زۆرێک لە بەرپرسانی گەورەساڵ زۆرجار نایانەوێت لە نزیکەوە بزانن چی لە ئارادایە و چاوی لێ دەقووچێنن. دەڵێن: "ئەمە لایەنە خراپەکانی سەردەمی جحێڵی گەنجانە، تێدەپەڕێت." یان: "ئەگەر ئەم چەشنە گومانانە لەسەر قوتابخانەکەم و قوتابیان دەربڕم، لەوانەیە ناوبانگی باشی خۆمان لەدەست بدەین".

پەیامی ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە نموونەیەکی باوی بێدەسەڵاتی و سەرکوتکردنە لە بەرامبەر دۆخێکدا کە مرۆڤی وەک ئەوان، هەروەها مامۆستایان، پەروەردەکاران، ڕاهێنەران و بەرپرسان لە هەموو شوێنەکانی وڵاتدا ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە. هۆکاری ئەمەش ئەو

پێشهاتانەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام دۆخیان خراپتر دەبێتەوە.

هەموو هەفتەیەک نیگەرانی و گلەیی هاوشێوەم لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایانەوە پێدەگات کە بەدوای یارمەتی و ئەو پێشنیارانەدا دەگەڕێن کە پاڵپشتێك بۆ کێشەکانیان بێت، واتە بۆ هەوڵەکانیان، بۆ خەباتیان لە پێناو یەکپارچەیی مرۆڤ، دیموکراسی و گونجاندنی ئەو گەنجانەی مەترسی تووشبوون بە نامۆیی و هەست بە بێگانەبوون لە کۆمەڵگاکەمانیان لەسەرە. چونکە لەمڕۆدا هەزاران گەنج زیاتر و زیاتر لە بەها و بیرۆکەکانی دیموکراسی دووردەکەونەوە. ئەوان بەردەوام دوور دەکەونەوە و گەورەکانیش تێناگەن بۆچی ئیتر ناتوانن لەم گەنجانە تێبگەن.

ئەو پەیام و بانگەوازانەی بۆ وەرگرتنی یارمەتی دەگەنە دەستم زۆرجار بە شێوازی توڕەیی یان گەلێك شەڕەنگێزانە دەنووسرێن. چونکە ئەم چەشنە مامۆستا و توێژەرە کۆمەڵایەتییانە ئیتر بێزاربوون لەوەی لە خولێکی ڕاهێنانەوە بنێردرێنە خولێکیتر. ڕاهێنەران و مامۆستایان بەشدارییان لە زۆر بۆنەدا کردووە کە بەرپرسان بەڵێنێکی زۆریان پێداون و پێشنیاری گەلێك زۆر بۆ چارەی کێشەکە پێشکەش کراوە بۆ یارمەتیدانی گەنجان و ڕزگاربوونیان لەو دۆخە هەروەها دوور خستنەوەیان لە ڕادیکاڵبوون. "پێزانی، تێگەییشتویی، هاندان"، ئەو چەمکانە هەموویان ڕەنگە بە نیازێکی باشەوە باسیان لێوە بکرێ، بەڵام سەرکەوتنی لێناکەوێتەوە. مامۆستایان و کارمەندانی کۆمەڵایەتی لەم چەشنە بەرنامانەدا بەشداری دەکەن، بێ ئەوەی بتوانن لە کارەکانی ڕۆژانەیاندا هیچ سوودێکی کۆنکرێتی لێ وەربگرن.

لەم پەیوەندییەدا دوو کۆنتێکست بەردەوام دووپات دەبنەوە. یان سەردانەواندن لەهەنبەر ئەم دامەزراوانە بۆ بێ بایەخکردنی کێشەکانە: هەڵسوکەوتەکە بۆ گەنجان تەواو ئاسایی دەنوێنێ و تەوەرەکە لە بنەڕەتدا بەزەحمەت شایانی باسە. یان دەبێتە هۆی ترساندنیان: ئەی هاوار، تیرۆریستی مەترسیدار لە نێو ئێمەدا هەن! لێرەدا چیتر بە تاک و بە وردی سەیری کێشەکە ناکرێ، بەڵکوو هەر گەنجێک بە شێوەیەك لە شێوەکان باسی ئایین بێنێتە گۆڕێ، بە گشتی بە مەترسیدار ناوزەد دەکرێت.

دوای بێ هیواییەکی گەلێك زۆر لە کردار و ڕاهێنانی زیاتری بێ ئەنجام، ئێستا پەروەردەکاران و ڕاهێنەران بەدوای چەمکی نوێ و کاریگەردا دەگەڕێن کە بتوانن چاوپێکەوتن لەگەڵ تاک بە تاکی گەنجان بکەن و گفتوگۆیەکی ڕاستەقینەیان لەگەڵدا وەڕێبخەن. بۆ بەدیهێنانی ئەمەش دەبێ بتوانرێ بیرۆکەکان بە ئازادی ئاڵوگۆڕ بکرێن و ئارگومێنتەکان بەبێ ترس، بەڵام هاوڕێ لە ڕێزگرتن لەهەنبەر یەکتردا بخرێنەڕوو. تەنانەت ئەگەر وشەی "ڕێزگرتن" وەك هۆکارێك بۆ بەکارهێنانی لە زمانی ئەمڕۆیی گەنجاندا ئیتر کۆن بووە و بە کردەوە کەمتر وەك سەردەمی کۆن بەکاری دێنن، بەڵام ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی هەر دەمێنێتەوە. تەنیا کاتێک کەسێک ئامادەبێت و بتوانێ ڕاستەوخۆ قسە لەسەر ئەو کێشانە بکات کە دەیبینێت و لێی دەترسێت، مەرج بۆ گفتوگۆیەکی ڕێزدار گونجاودەکات.

حەوشەی قوتابخانە و کۆبوونەوەکانی لاوان شوێنی دیپلۆماسی نین. گەنجان بەدوای ڕاستی و ڕەسەنایەتیدا دەگەڕێن، دەیانەوێ سەرنجیان پێبدرێت، تەنانەت ئەگەر بە مانای وشەییش بێت. ئەمەش دەبێت لە وڵاتی ئێمەوە دەست پێبکات، بەتایبەت کاتێ لە

هەموو شوێنێکدا باس لە مەیلی ڕادیکاڵبوونی مەترسیدار دەکرێت. واتە لێرە، لە باکووری پارێزگای هێسن.

خۆم و هاوکارەکەم پێشوەختە بەرنامەیەکی جێگیر بۆ وۆرکشۆپەکان دانانێن. سەرەتا پێش ئەوەی هەنگاوێکی کۆنکرێت هەڵگرین، تێڕوانینێکی گشتی بۆ دۆخەکە بەدەست دەهێنین. دەمانەوێ بزانین ئەم گەنجانە لەم هۆڵە وەرزشییەدا، لەم پۆلە قوتابخانەیەدا یان لەو یانەیەدا هەڵسوکەوت لەگەڵ کام بابەت دەکەن. ئێمە بە باشی گوێیان لێدەگرین، دەزانین چ شتێك دەیانبزوێنێ، پاشان دەست دەکەین بە پرسیارکردن و گواستنەوەی بەڵگە لەسەر بابەتەکان و دەستپێکردنی گفتوگۆیەکی سالم لەگەڵیان. ئەم ڕێگایە بەرهەمدارتر و باشترە لەوەی بە پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی پاوەرپۆینتی کامپیۆتری سنووردار کە پێشتر ئامادەمان کردبێ، باسەکە درێژە پێبدەین. ڕاگەیاندنی پێشوەختە چاوەڕوانی یان ترسەکان دەوروژێنێ و ئەو گەنجانەی هەڵوێستی ڕەقیان تێدایە ئەگەری کاردانەوەی بەرگرییان گەلێك زیاتر دەکاتەوە.

لە هۆڵی وەرزشدا بە کورتی بۆ گروپەکەی ڕوون دەکەینەوە ئێمە کێین. هەموو چاوەکان سەیری ئێمە دەکەن، هەندێکیان بە کونجکۆڵییەوە، هەندێکیان بە گومانەوە یان بێزارییەکی ساختە. وێدەچێ تاقمێك لەخۆیان پرسیار بکەن: "ئەمانە لێرە هەوڵی چی دەدەن؟". بیست جووت چاو بە سەرسوڕمانەوە سەیرمان دەکەن کاتێك پارچە کاغەزەکان لەسەر زەوییە پارکێتە خراپەکەی هۆڵەکە دابەش دەکەین کە وشەی پێشنیار بۆ گفتوگۆ، لێدوان یان پرسیاریان لەسەر نووسراوە. وەك: "ناسنامە"، "ئایین"، "دوژمنایەتیی ئیسلامی"، "سەلەفییەت"، "دەوڵەتی ئیسلامی"، "جیهاد"،

"یەکسانی"، "جیاوازی"، "چەوساندنەوە"، "ڕەگەزپەرەستی" یان "مافی مرۆڤ".

دوای ئەوەی هەرکام لە قوتابیان بە نۆبە کورتە زانیارییەك سەبارەت بە خۆیان دەناسێنن، پێیان دەڵێین: "ئێوە خۆتان بڕیار بدەن لەسەر کام تەوەر باس بکەین." لە هۆڵەکە گەنجان زۆر بە خێرایی خۆیان بەسەر ئەو گرووپانەدا دابەش دەکەن کە تەوەری باسەکە بۆیان جێگەی سەرنجی تایبەتە. سەرەتا بە دەنگێکی نزم لە نێوان خۆیاندا مشتومڕ دەکەن، ئێمە خۆمان دەکشێنینەوە. وردە وردە یەکەم کچان و کوڕانی ناو گروپەکە بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن. ژمارەیەکی سەرنجڕاکێشی گەنجان لێرە دەیانەوێت لە بۆچوونەکانیان سەبارەت بە ئیسلامیزم یان دەوڵەتی ئیسلامی خۆیان دوور ڕاگرن.

سەرەتا بەبێ ئەوەی کۆمێنتیان بکەین، بۆچوونەکانیان بە نووسینی وشەی سەرەکی لای خۆمان کۆدەکەینەوە. ئامینە دەڵێ:"من زۆر ناڕازیم لەوەی لە مێدیاکاندا بەردەوام مرۆڤی موسوڵمان وەك تێرۆریست ناو دەبەن!" سەلیم"Salim"یش درێژەی پێدەدا و دەڵێ: "بەڵام مرۆڤی موسوڵمان هیچ پەیوەندییەکی بە تێرۆریزمەوە نییە. هەموو ئەو هەواڵانەی باس لە ئیسلام و تیرۆر دەکەن بە شێوەیەك زێدەڕۆیی تێدا کراوە. کارێکی گەلێك شێتانە! داعش تەنیا مەزهەبێکی بچووکە لە شوێنێکی عێراق. ئەوان لەگەڵ سەلەفییەکان کاری هاوبەش ناکەن!" هاوڕێی تەنیشتی دەستی بەرز دەکاتەوە: هاوار دەکات و دەڵێت: "بە گشتی ئەوەی داعش دەیکات تەنیا لەبەر ئەوە ڕوودەدات کە ئەمریکا و ئورووپا زۆر تاوانیان لە عێراق و سوریا ئەنجامداوە، ئەو هەڵوێستەی ڕۆژئاوا بۆتە هۆکار بۆ دەستپێکردنی چالاکییەکانی داعش". سەمیرە "Samira" کچێك بە سەرپۆشەوە

بەڵام چاوەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەش کردووە، دەڵێ: "ڕاستە”! «بۆچی ڕاست ئێستا بەردەوام باسی ئەم بابەتە دەکرێت؟ بۆچی چوار ساڵ لەمەوبەر کە ڕژێمی ئەسەد دەستی کرد بە کوشتنی خەڵکێکی زۆر باسی لێوە نەدەکرا؟ کەس هیچی لەو بارەیەوە نەکرد. ئێستا لەناکاو تەنیا لەبەرئەوەی تاقمێک بەناوی ئایینەوە هەڵسوکەوت دەکەن، ڕۆژئاوا حەزی لێیە و دەیەوێت بەرەنگارییان ببێتەوە.

بەشێک لە گروپەکە لەسەر هەڵوێستەکەیان هاوڕان: ئەم گەنجانە هەست بە سووکایەتیی دەکەن، ئەم هێرشە بۆ سەر خۆیان و ئایینەکەیان بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە دەبینن و هەر بۆیە دەیانەوێت خۆیان توندتر بە ئیمانەکەیانەوە ببەستنەوە، هەروەها لە سەردەمێکی ئەستەمی وەك ئێستادا بۆ دڵداریدانی خۆیان بەرگریی لە ئایینەکەیان دەکەن. هەندێکیشیان لە تاوانبارانی داعش و هێرشبەرە ئیسلامییەکان توڕەن. ئێرکان "Erkan"، منداڵێکی شانزە ساڵان کە چاویلکەی لەچاودایە، دەڵێت: "بەڕاستی لە ئیسلامیستەکان بێزارم، چونکە لە ئایینەکە کەڵکی خراپ وەردەگرن." "ئەوان لە ئایینی خۆم، خێزانەکەم و هەموو موسوڵمانانیتر کەڵکی نابەجێ وەردەگرن. لە ڕاستیدا ئەوان هیچ خزمەتێك بە ئایینەکە ناکەن!"

لەگەڵ وەرێکەوتنی گفتوگۆکەدا، هەر وەک زۆرجار مرۆڤ هەستی پێدەکات، سۆز و خولیای گەنجان و خۆشحاڵییان کە دەتوانن بۆچوونەکانیان دەربڕن بەبێ ئەوەی هێرشیان بکرێتە سەر، باسەکە هێندەیتر دەگەشێننەوە. تەنانەت ئەگەر ببێتە مشتومڕیش، ڕێگەیان پێدەدرێت ئەوەی بیروڕای خۆیانە بڵێن و بیدرکێنن. گەنجان لەو

تەمەنەدا چێژ لەوە وەردەگرن کە دەتوانن هەڵوێستەکانیان دەربڕن بەبێ ئەوەی بە چاوی گومانەوە سەیر بکرێن. زۆربەی کات پێویست ناکات داوا لە کەسێك بکرێت بەشداری گفتوگۆکە بکات، چونکە لە فەزایەکی کراوەدا خۆیان هەوڵی بەشداریکردن دەدەن. تا کەشوهەوای باسەکە ئازادتر بێت، ڕوونتر دەبێتەوە کە هەموو یان شتێکیان بۆ گوتن هەیە! هەروەها مرۆڤ دەتوانێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەست بکا کە دەبوو ماوەیەکی زۆر تێپەڕ بێ تا کەسێک بوێرێ دەست بۆ ئەو ئاسنە داغە بەرێ. بێگومان یارمەتیدەرە کە من و هاوکارەکەم هەردووکمان بە ڕەچەڵەک موسڵمانین. ئەمەش لە چرکەی یەکەمەوە ئاستێکی پێشکەوتووی متمانەمان پێدەبەخشێت کە دەبێ بە باشی کەڵکی لێوەرگرین.

هەستمان کرد سەرەڕای ئەو مشتومڕە زیندووە، چەند کیژێك زۆر بێدەنگ بوون کاتێک بابەتی ئیسلامیزم هاتە گۆڕێ. بۆچوونی من ئەوەیە کە ئەوان لە ڕاستیدا بوێری ئەوەیان نییە بیروڕاکانیان بڵێن. ڕەنگە ئەوان پێیان باشتر بێت باس لە تەوەری "ناسنامە" و "داهاتوو" بکەن، کە بەگشتی لەلایەن کچانەوە لە ووَرک شۆپەکاندا گەلێك بەناوبانگن. لە کۆمێنتە لاوەکییەکانیانەوە دەتوانم بزانم کە ترسیان لەوە هەیە ئەگەر شتێکی ڕەخنەگرانە بڵێن ڕەنگە لەلایەن ئەوانیترەوە بە "نائیسلام" هەژمار بکرێن. پێدەچێت ئەوان لە ئێستاوە ئەو گوشارە بناسن کە مرۆڤی سەلەفی لە قوتابخانە، لە ماڵەوە یان لە کاتە بەتاڵەکانیاندا خستوویانەتە سەریان - بۆ نموونە لەبەر ئەوەی سەریان داناپۆشن، خۆڕازاندنەوەیان "حەرام"ە، یان لەبەر ئەوەی پاتۆڵی جینزەکانیان تەنگە یان شتێکی هاوشێوە. دیارە ئەم کچانە بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان هەیە. خۆبەدوورگرتنیان لە

باسەکە دۆزی باشی گومان و ڕەتکردنەوە لەخۆدەگرێت. بەڵام دیارە ئەم کچانە چیتر ناوێرن بە ئاشکرا قسە لەسەر بۆچوونەکانیان بکەن یاخود پرسیار بکەن. کوڕێکی کەمێک قوت بە کڵاوێکی بەیسباڵ و جل و بەرگی هیپ هۆپەوە لە تەنیشتم دانیشتووە کە هەر لە سەرەتاوە سەرنجمی ڕاکێشابوو. ناوی یۆسفە. جەستەی یۆسف بەردەوام لە جوڵەدایە، وێدەچێ نائارام بێ. بە هەڵێنانی دەست یان هاوار لەودیوی هۆڵەکەوە سڵاوێ لە کوڕەکانی بەشدار لە باسەکە دەکات. بەڕای من زۆر دەنگ بەرزە و نارێک دەردەکەوێت.

یوسف بەشداریی گفتوگۆکە ناکات. بەڵکوو هەست دەکەم یاخود وا دیارە لە تەنیشتمەوە بەردەوام لە جووڵەدایە و لە ناو خۆیدا بە ڕوونی هەست بە ناڕەحەتی و نائارامی دەکات. بە سەیرکردنی سەیروسەمەرەی خۆی لەو کەسانەی دەنگیان بەرز دەکەنەوە، ئاماژەی ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت. کاتێ مرۆڤ سەرنجی دەداتێ، وێدەچێ حەز دەکات شتێک بڵێت، بەڵام ناوێرێ بیڵێت. بەوراەدەیەی گفتوگۆکە زیاتر بەرەوپێش دەچێت، یوسف زیاتر نائارام دەبێت. بەردەوام بە وردبینییەوە سەیری منیش دەکات. دوای ماوەیەك بەسەر سێبەرەکەیدا باز دەدات. ڕاستەوخۆ ڕوو لە من دەکات و دەڵێت: "ببورە." "تۆ بەڕاستی موسڵمانیت؟" منیش پرسیاری لێ دەکەم: "ئایا ئەوە گرنگە؟" بە پەلە وەڵامم دەداتەوە: "بەڵێ، ئەمە زۆر گرنگە." پرسیار دەکەم: "ئەی تۆ؟" بە تووڕەییەوە سەیرم دەکا و دەڵێ: "سروشتییە موسوڵمانم، ئەلحەمدولیللا!". دیسان جەخت لە پرسیارەکەی دەکاتەوە: "دەی، تۆ چیت؟" بە میهرەبانییەوە وەڵامی دەدەمەوە: موسوڵمانم. بەڵام پێم بڵێ ئەم پرسیارەت بۆ هێندە لا گرنگە؟."

جارێکی تر سەیری دەوروبەری دەکات و دواتر دان بەوەدا دەنێت کە ئەوەی ئێمە لێرەدا دەیکەین بە شێوەیك بۆی نائاسایيە. مەبەستتان لەوە چییە؟ "ئیسلام بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییە کە ئێوە وای نیشان دەدەن. ئێوە وەک موسڵمانان پێویستە لە خودا بترسن و دڵنیابن لەوەی ئیسلام بە باشی نوێنەرایەتی دەکرێت. ئێوە گوتووتانە ئێمە باسی ئیسلام دەکەین. بەڵام ئێوە چی دەکەن؟ باسی تیرۆر دەکەن. ئێوە هەمووشتێك تێکەڵاو یەکتر دەکەن، کارێکی باش نییە!"

ئێستا تێگەیشتم چی وایکردووە یوسف ئەوەندە نائارام و تووڕە بکات. ئەو قەناعەتی بەوە هەیە ئەم وۆرک شۆپەمان ئاراستەی ئیسلامە و دەمانەوێ مرۆڤ لە ئایینەکەیان دوور بخەینەوە. ئێمە وەک بەڕێوەبەری دانیشتنەکە لە ڕاستیدا تا ئێستا بە ڕادەیەکی زۆر خۆمان لە گفتوگۆکە دوور ڕاگرتووە بۆ ئەوەی گەنجەکان خۆیان باسەکە دامەزرێنن و ئارگیومێنتەکانیان بگۆڕنەوە. ئێمە تائێرە نە حوکممان لەسەر ئیسلام داوە و نە ئیدانەمان کردووە. ئێمە تەنیا پرسیار لەسەر ئەو باسە دەکەین کە گەنجەکان خۆیان دەیهێننە ئاراوە، پرسیاریان لێ دەکەین و بە شێوەیەکی زانستییانە داوا لە گەنجان دەکەین بە ئارگیومێنت بەرگری لە بۆچوونی خۆیان بکەن. دیارە یۆسف بە شێوەی پێچەوانە تێگەیشتووە. تەنیا لەسەر ئەو ڕاستییەی پرسیار و باس لەسەر بابەتی بڤە بە ئاشکرا باس دەکرێن، ئەوی نائارام کردووە و هەست دەکات خۆی و ئایینەکەی کەوتوونەتە بەر هێرش.

بەڵام ئێستا کە ڕچەکە شکاوە و یۆسف دەزانێ من موسڵمانم، ئەویش بەشداری دەکات و دەیەوێ قسەی خۆی بکات. تەنانەت

کاتێ دواتر باسەکە دەچێتە سەر پرسیاری هەستیاری سەبارەت بە ناسنامە و سێکس و یەکسانی، یوسف گەلێك شەڕەنگێزانە خۆی نیشان دەدات. زۆرجار بە تووڕەییەوە دژی بۆچوونی ئەوانی دیکە موناقەشە دەکات. بۆ نموونە گلەیی ئەوە دەکات زۆربەی کچان ئیتر هیچ ڕێزێکیان لەهەنبەر خودا نییە و ئیتر وەک ئەرکێکی پێویست ڕێز لە پیرەکان ناگرن. جیهانی ئێستا وەك جاران نەماوە، سەردەمی پێشوو گەلێك باشتر بوو.

پاشان چەندین جار ستایشی "کارە گەورەکە"ی سەلەفییەکان لە ئاڵمانیا دەکات. "ئەمانە بەڕاستی موسڵمانی باشن کە مرۆڤ لە مادده هۆشبەرەکان ڕزگار دەکەن!" هەروەها "ئەوان ڕێگری دەکەن لەوەی بەردەوام دزی لە کۆمەڵگا ڕووبدات!" چەند جارێك یۆسف بە تووڕەییەوە ئەم ڕەستانە دووپات دەکاتەوە. «ئێستا کە سەلەفییەکان هاتوونەتە مەیدان، جارێکیتر خەڵک ڕوویان لە مزگەوت کردۆتەوە! ئیتر مەی ناخۆنەوە، ئیتر یاریی قۆڕ و ئەو جۆرە شتە چەوتانە ناکەن، ئیتر ناچنە هۆڵەکانی قومار!" بە تێپەڕبوونی کات، خۆتێهەڵقوتانەکانی یوسف دەبێتە کێشەیەک بۆ ئەو گرووپەی کە پێشتر چێژیان لە بۆچوونە جاوازەکان وەردەگرت. لەڕاستیدا یۆسف بەو قسانەی ئەو ئازادییە ڕادەییەی شێواند کە لە باسەکەدا وەڕێکەوتبوو . بەتایبەت بۆ کێژەکان کە بە بێ ئەوەش بە پارێزەوە بەشدار بوون. هەستی من ئەوەبوو یوسف ئیتر بەشێوەیەك حاڵەتی دژایەتیی و تەنانەت شەڕی دژ بە کۆبوونەوەکەی گرتۆتەبەر.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی یۆسف چەندین جار بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە هێرش دەکاتە سەر ئەوانیتر ، وردە وردە بێدەنگ دەبن.

باسێک کە بە باشی و زیندوویی بەڕێوەدەچوو، وەستا، تەواو پێچەوانەی ئەوەی ئێمە مەبەستمان بوو.

لە کاتی پشووی قاوەدا پێشنیار بە یوسف دەکەم چەند هەنگاوێکم لە دەرەوەی شوێنەکە لەگەڵ بێ و کەمێک بە تەنیایی پێکەوە بدوێین. دەچینە پەنا هۆڵی یارییەکە و دووبەدوو قسە دەکەین. من لە چلۆنایەتیی ژیانی دەپرسم، چی دەکات، چ پلانێکی هەیە و تا ئێستا ڕەوتی ژیانی چۆن بووە. بە سەرسوورمانەوە بۆم دەردەکەوێت کە ئەو بە هیچ شێوەیەک موسوڵمانی کۆنەپەرست نییە و تەنانەت نوێژیش ناکات. دیارە حەز دەکات ئەو کارە بکات، بەڵام بە جۆرێک بۆی ناگونجێت. هیچ بەرەنگارییەک بۆ ئەو هەڵسوکەوتەی لەخۆی نیشان نادا.

زۆر زوو ئەوەم بۆ ڕوون دەبێتەوە یۆسف لە هەلومەرجێکی زۆر سەختی ژیانییەوە هاتووە. چەندجار لە خوێندندا سەرکەوتوو نەبووە و ئێستا بۆ چوارەم جار سەرقاڵی تاقیکردنەوەی ڕاهێنانە وەک کارمەندی کڕین و فرۆشی کالا دەستی بە فێرکاری کردووە. لە ڕاستیدا دەیەوێت وەرزش بکات، بۆ ئەوەی کێشی لەشی دابەزێنێت. بەردەوام جانتایەکی ئەستوور لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت کە پڕە لە جلوبەرگی وەرزشی، شتومەك بۆ گرووپی هیپ هۆپ، کتێبە ڕاهێنانەکانی - جانتایەکی پڕ لە هیوا و ئاوات. مرۆڤ زۆر زوو هەست بەوە دەکات چەندە بە سەختی هەوڵدەدات دەست بەسەر ژیانیدا بگرێت و کۆنترۆڵی بکات هەروەها لەخۆی و جەستەی ڕازی بێت.

بەڵام لە کاتێکدا پێناچێ هەموو ئەم کێشانەی بۆ چارە بکرێ و وێدەچێ لە نێوان دوو ڕێیاندا گیری کردبێ، دوای نائەمنی و ناڕەزایی،

ئێستا ڕێگایەکی نوێی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە: "ئایدۆلۆژیای بارگاویکراوی ئایینی." ناوەڕۆکی بۆچوونی سەلەفیەکان لە ئینتەرنێت دادەبەزێنێت؛ لەبری ئەوەی وەرزش بکات و خۆی بە خوێندنەوە خەریك بکات، خۆی لەگەڵ سەلەفییەکان پێناسە دەکات وەک کەسێك خۆی بە پاڵەوانی فیلمێکی ڕزگارکەری موسوڵمانانەوە خەریك دەکات. دیارە قسە توندەکانی لە گروپەکەدا کاریگەرییەکی ترسناکیان هەیە - ئەوانی دیکە چلۆن بتوانن سەرچاوەی ئایدۆلۆژیاکەی بزانن و هەڵیسەنگێنن؟ بەڵام شێوازی تاکڕەوانەی دەناسرێتەوە کە ڕێگە بە گفتوگۆی کراوە نادات. هەروەها هەست بە ئامانجەکەی دەکەن چونکە خۆیان لە ماڵەوە ئەزموونیان کردووە، کە ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونی ئازاد بە هیچ شێوەیەك ڕێگای پێنادرێ. کەواتە یوسف دەتوانێت ئەو گروپە بشێوێنێ و خۆی لەگەڵ سوپەرکەسایەتییە سەلەفیەکانی یەکسان ببینێ، بۆ چەند ساتێک چێژ لەوە وەربگرێت کە دەسەڵات و کاریگەری لەسەر گرووپێك هەبێت، ناوەندی سەرنجی گرووپەکە بێت و خۆی پێ بناسێنێت.

یۆسف نموونەیەکی باش و تایبەت بە وەچەی ئەڵڵایە. بۆ ئەم چەشنە گەنجانە ئایین نەک هەر بووەتە فاکتەری ناسنامە دروستکەر، بەڵکوو ئایین وەکوو شتێکی پیرۆزی کەسی و ڕێگایەکی تاقانە و کۆتایی سەیر دەکرێ. "مرۆڤ بۆی نییە باسی ئایین بکات و ئەگەر باسیشی دەکات، ئەوا تەنیا دەبێ باس لە شتە باشەکانی بکات!" تەنانەت ئەوان دەڵێن نابێ ئایین پەیوەست بکرێت بە کێشەی دونیاییەوە. لە هیچ بارودۆخێکدا نابێ بخرێتە ناو چوارچێوەی تیرۆرەوە. هەروەها نابێ باسی لایەنە نەرێنییەکانی ئاینی ئیسلام بکرێت.

دەبێ ئەوەی قورئان دەیڵێت، ئیمام چی دەڵێت، دەقە خواپەرستەکان چی ڕادەگەیەنن، مرۆڤ بیسەلمێنێ، تەنانەت ئەو بەشانەش کە لە گوێ خۆش نایەن: گوێی بۆ بگرە، قەبووڵی کە – ئەوە هەڵوێستی خواپەرەستانەیە. ئەوان بیردەکەنەوە و دەڵێن: "ئایینەکەمان، ، بەنرخترین شتە کە هەمانە. بە بێ ئایین ئێمە ڕێگای خۆمان لێ ون دەبێ. هەروەها ئیمامە سەلەفییەکان بۆیان ڕوون دەکەنەوە، ئەگەر ئەم ئاینە نەبوایە ئێمە هیچ نەدەبووین هەر بۆیە ئەرکی ئێوەیە پارێزگاریی ئەیینەکەمان بکەن."

لەبەر ئەوەی جیهانبینی یۆسف لەم تایبەتمەندیانە پێکهاتووە، دیارە بە ئاگاییەوە هاتۆتە ناو گرووپەکەوە. کاتێک زانی ئەم دانیشتنە مشتومڕێکی کراوە و ڕەخنەگرانە دەبێت، وەک ئەرکی خۆی بینی کە بۆ ئەوانی دیکە ڕوون بکاتەوە ئەو چەشنە کراوەییە لە بنەڕەتدا مەترسیدارە و نابێ ڕێگەی پێبدرێت. ئەو ویستویەتی دڵنیابێت لەوەی ئەوانیتریش ڕوانگەکەی ببیستن: مرۆڤ نابێ پرسیار لەسەر بابەت و تێز و پراکتیزەکردنی تەوەری ئایینی بکات یان شی بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، یۆسف قسەکەری قسە زل، لەبەردەم هۆڵی وەرزشدا تەواو دڵخۆشە کە پرسیاری لەبارەی ژیانی خۆی و چیرۆکەکەیەوە لێدەکرێت. هەروەها پێدەچێت دڵخۆش بێت کە من تامەزرۆییم بۆ هەڵوێستەکەی هەبووە: ئەوەیکە کەسێك گوێی بۆ قسەکانی ڕاگرتووە. بەڵام پێموایە ئەوە نازانێت، ، ئەو لەدۆخێکدایە وەک چۆن مرۆڤ لە دەرەوە وەستابێ و بیهەوێ لەناو بەفردا قاچی گەرم ڕاگرێ.

لە بەشی دووەمی مشتومڕەکەدا شتەکان جددیتر دەبنەوە و گفتوگۆکان زیاتر حاڵەتی کەسی بەخۆدەگرن و هێڵەکانی ململانێ

ڕوونتر دەبنەوە. زۆربەی گەنجان متمانەیان بەدەستهێناوە و ئێستا زۆر بە ئاشکرا باس لەسەر ئەزموونەکانیان دەکەن. دوو کچی ڕووپۆش لەسەر بەناوی لەیلا و زەهرا دەڵێن زۆرجار لەلایەن گەنجە نیونازییەکانەوە لە شوێنی پیاسەکردندا هەراسان دەکرێن و سووکایەتیان پێدەکرێ. هەروەها ئەو کچانەی پێشتر بێدەنگ بوون، سێما و مەریەم، بێدەنگی دەشکێنن و باسی سووراو و سپییاو و خۆجوانکردنی خۆیان دەکەن کە بەو هۆیەوە لەلایەن دایک و باوک یان کوڕانی حەوشەی قوتابخانەوە هەڕەشەیان لێکراوە.

پاشان گفتوگۆکە دەچێتە سەر باسی دۆزەخ، کە زۆرجار وەک سیناریۆیەکی ترسێنەر و هەڕەشەلێکەر لەلایەن دایک و باوک و کەسوکاری خێزانە موسڵمانەکانەوە بەکاردەهێنرێت. "ئەگەر خۆت وەکوو ژنێکی خۆفرۆش بڕازێنیەوە و جل و بەرگی وەك ئەو لەبەرت کەیت، دەچیتە دۆزەخ!" "ئەگەر ئەوەی باوکت دەیڵێت نەیکەیت، لە دۆزەخدا دەسوتێیت!" زۆربەی گەنجانی بنەماڵە موسوڵمانەکان ئاشنان لەگەڵ ئەم چەشنە هەڕەشە بێ بنەمایانە و ئەو ترسانەی کە دەیخەنە ڕوو. بەڵام سەیر ئەوەیە ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر لە گەنجان بە تەواوەتی بە ئاسایی هەڕەشەی دایک و باوکیان وەك سزایەکی توند بە باش دادەنێن. "دەنا مرۆڤ باوەڕی بە هیچ شتێک نەدەبوو و کەسیش یاساکانی جێبەجێ نەدەکرد!" ڕەزامەندی لە ڕوخساری زۆربەیان هەست پێدەکرا.

من و هاوکارەکەم هێشتا هەڵوێستمان نەگرتووە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی لە نزیکەوە بەدواداچوونمان بۆ مشتومڕەکە دەکرد و تەنیا بۆ تێگەیشتن جاروبار پرسیارێکی بچووکمان لێدەکردن. بەردەوام پرسیارەکانمان پێکەنینێکی سەرسوڕهێنەر لەناو گەنجاندا

دەورووژێنێ. لەوانەیە زۆر کەس پێشتر پرسیاری لەو جۆرەیان نەبیستبێ. «لە کوێوە دەزانی جەهەنەم چۆنە؟ ئایا ئەمە شوێنێکە یان دۆخێکە؟ ئایا خودا یان ئایین پێویستیان بە دۆزەخ هەیە؟ ئایا ئیمانی بەبێ ترس بوونی هەیە؟"بە دڵنیاییەوە پێکەنینەکانیان ئەوە نیشان دەدات کە ئەوان پێیان خۆشە ئێمە نیگەران یان دڵتەنگی ئەوانین یان وەک منداڵ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەین. ئەوان پێیان خۆشە کە چۆن ئێمە بە پرسیارکردن هانیان دەدەین بیر لە ڕاستییە بەڕواڵەت دارِژاوەکانی ئایین بکەنەوە.

یۆنانییە کۆنەکانیش کاتێک باسی فەلسەفەیان دەکرد هەڵسوکەوتێکی جیاوازیان نەدەکرد. ئەوان مایوتیک "maieutics"یان بە هونەری بەکارهێنانی پرسیار و لێدوانی فەلسەفی ناودەبرد بۆ ئەوەی ئەو زانستە بخەنە ڕوو کە پێشتر لە کەسانی دیکەدا هەبووە. وەک ماماکان کە دەیانویست یارمەتی ڕاستییکانی سەبارەت بە لەدایکبوون ڕوون کەنەوە. ئێمەش هەوڵ دەدەین بە شێوازی خۆمان لاسایی ئەوان بکەینەوە.

گەنجان کاتێک ڕووبەڕووی پرسیارەکانمان دەبنەوە، هەست دەکەن وەک مرۆڤێکی تەواو بە جددی وەردەگیرێن و ئامادەن بەرپرسیارێتی هەڵوێستەکانیان لە ئەستۆ بگرن. تەنانەت یۆسفیش بە درێژایی باسەکە دەگۆڕێت. هەرچەندە هێشتا پێداگری لەسەر ڕوانگەی خۆی دەکات و بەزەحمەت هیچ شتێکیتر قبوڵ دەکات، بەڵام تۆنی دەنگی بە شێوەیەکی بەرچاو ئارام بووەتەوە، کەمتر شەڕەنگێزە و پێدەچێت جارجارە بە تامەزرۆییەوە گوێ لە کەسانی دیکە بگرێت. هەروەها کونجکۆڵە وشەیەکی گەلێك ڕەسەن بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە باسی چی دەکەین: تەماح، ئارەزووی

شتێکی نویێ، بۆ دەرفەتی بینینی شتێکی ئاشنا لە ڕووناکییەکی جیاواز و نوێدا.

لە کاتێکدا شتەکانمان دوای چەندین کاتژمێر کۆدەکەینەوە و گۆشە و کەناری پیتزای ساردەوەبوو دابەش دەکرێت، گەنجێک بە ناوی ئۆرابی "Orabi" کە نزیکەی شانزە یان حەڤدە ساڵ تەمەنیەتی، بە دوودڵی لێم نزیک دەبێتەوە. ئایا دەتوانم شتێکیترتان لێ پرسیار کەم؟ بێگومان دەتوانێت. دەپرسێت: "ئایا ڕاستە، من وەک موسڵمانێک بۆم نییە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی بێدین بکەم، چونکە ئەوە ناپاکم دەکات؟" دەبوو بۆ ساتێک سەیری چاوەکانی بکەم تا خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەی تێدا ببینم. هەروەها چەندە هاتوچۆی نێوان ئیمانەکەی و ئەو هەستە بەهێزەی بۆ کچێک هەیەتی، شەکەتی کردووە. بۆی ڕوون دەکەمەوە: "بە تەواوی کارێکی باشە، هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك بکەی کە خۆشەویستیت بۆی هەیە. ئەوەی گرنگە بیروباوەڕە جیاوازەکان نییە. گرنگ ڕێزگرتن لەهەنبەر جیاوازییەکانە. سەرەڕای ئەوەش خۆشەویستیی هیچ ئایینێك ناناسێ." کوڕەکە بە خۆشحاڵییەوە سەری دادەنەوێنێت، وەك ئەوەی قورساییەك لەسەر شانی لاچووبێ خۆی سووك هەست پێدەکات، بەڵام هێشتا دەڵێی دوو دڵە. بە بێدەنگی لە ڕێگاکەیدا هیوای بەختەوەرییەکی باشی بۆ دەخوازم. پێموایە هەر ئەوەی ئەو پرسیارەی لێکردووم، خۆی نیشانەیەکی گەلێك باشە: وادیارە هەستی بەوە کردووە دەتوانێ متمانەمان پێ بکات و شتێکمان بۆ وتن هەیە.

دوای ئەوەی ماڵئاواییمان لە هەمووان کرد، بەرەو ئەو شوێنەی ئۆتۆمبێلەکەمان لێی پارك کردبوو وەڕێکەوتین. بینیمان کچێک لە چرکەی کۆتایی بە دوای ئێمەدا ڕادەکات، ئایشە. کاتێک گەیشتە لای

من، دەبینم فرمێسك بە چاوەکانیدا دێنە خوارێ. ئەو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە نێو بەشدارانی باسەکە گەلێك شەرمن بوو، بەڵام لانیکەم بۆمان دەرکەوت کە خەریکە خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات. ئایشە هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ تا برێك خۆی ئارام بکاتەوە و بتوانێت قسە بکات. ئەو دەست پێدەکات و دەڵێت: "دەبێ شتێکیترتان لێ بپرسم. پاشان بە هێمنییەوە دەڵێت: پێمخۆشبوو بزانم چی گرنگترە، خێزان یان پەروەردە؟"

چ پرسیارێك؟! وێدەچێت ئەم کچە لە دووڕێیانێکی بێمانادا خەریکی مانۆڕدان بێت. بەڵام من بە باشیی دەزانم باسی چی دەکات. لە کاتێکدا تامەزرۆی تەواوکردنی خوێندنی ئامادەییە تا دواجار بتوانێ بچێتە کۆلێژ و لەماڵەوە دەرچێت، لەناکاو لە لایەن دایک و باوکییەوە گوشاری سۆزداری و کۆمەڵایەتی دەخرێتە سەر. پێویستە دەستگیرانێکی بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە زووترین کاتدا هاوسەرگیری بکات. ئەو تەنیا دەبێ بیر لە شەرەف و ناموسی خێزانەکەی بکاتەوە. دایک و باوکەکان نایانەوێت هیچ شتێك سەبارەت بە زانکۆ و خوێندنی کچەکەیان بزانن. «تۆ ناتەوێ ئابڕوومان بەریت، وانییە؟ خێزان زۆر گرنگترە لە خوێندن!"

وەڵامی دەدەمەوە خێزان و پەروەردە هەردووکیان باشن و مەرج نییە یەکیان بۆ ئەویتر قوربانی بکات. بەڵام ئەوەی کە پەروەردە دۆخێکی بۆ پێکدێنێ سەربەخۆ بێت و دواتر بتوانێ زۆر زیاتر دەرفەت پێشکەش بە خێزانەکەی و منداڵەکانی خۆی بکات، شتێکی گەلێك باشە. هەروەک پرسیارەکەی ئۆرابی بە هێمنی و لەناو خۆمدا ئارەزووی سەرکەوتنم بۆ خواست.

دوای چەند هەفتەیەک لە دانیشتنێکیتردا جارێکی تر چاوم بە یۆسف دەکەوێتەوە. لەم ماوەیەدا چەند بابەتێکی منی خوێندۆتەوە و بۆی دەرکەوتووە لەگەڵ کێ ڕووبەڕووە. بەڵام هەست دەکەم بەڕاستی لەو شتانەی خوێندوونیەتەوە تێنەگەیشتووە. ئەو گوتەیەکی دووپات کردەوە کە لە شوێنێک گوێی لێ بووە. دەپرسێت: "ئایا ڕاستە دەتەوێت قورئانێکی نوێ بنووسیت؟"بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکەم. "بۆچی دەبێ حەز بکەم قورئان بگۆڕم؟ کتێبی قورئان نزیکەی ١٤٠٠ ساڵە هەیە، بۆچی دەبێ بینووسمەوە؟ بەڵام ئەوەی بەڕاستی من دەمەوێت ئەوەیە کە قورئان لێکبدەمەوە، لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە بیخوێنمەوە. یۆسف بە دوودڵییەوە سەری ڕادەوەشێنێ. "ئەوە بڕیارە چۆن بەڕێوەبچێت؟ "ئەوەی لە قورئاندا نووسراوە ڕوونە. خودا لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە مەبەستی خۆی ڕاگەیاندووە. هیچ شتێک نییە کە بتوانی لێکبدەیتەوە. ناتوانی بۆئەوەی هەندێک پێویستی کاسیت هەیە یان بە شێوەیەك گوتەکەنی قوڕئان لەگەڵ خۆتدا بگونجێت، هەروا بە ساکاریی مانای گوتەکان بگۆڕیت. خۆی چڕ دەکاتەوە و دەڵێ: "ئەو کارە دروست نییە! خودا خۆی فەرمووبەتی هۆشداریی بەو کەسانە دەدا کە دەیانەوێت ئایین بە پێی ئارەزووی خۆیان لێکدەنەوە و بیگۆڕن."

پاشان جارێکیتر بەو نیگا وردبینانە و نزیك بە تووڕەییەوە سەیرم دەکاتەوە کە لە یەکەم چاوپێکەوتنماندا لەبیرمە. ئایا ئەوە ڕاستە من دەمەوێ تۆوی ناپاکیی لە کۆمەڵدا بچێنم؟ دەمەوێت بزانم چۆن ئەو شتەی هێنایە ئاراوە. "ئەوە لە بابەتەکانتدا نووسراوە"، وەڵام دەداتەوە و دەست دەکات بە وتارێکی درێژتر: «بە گشتیی دژی هەستکردن بە شەرم و مانەوەی کچێنی کیژان. واتە تۆ دەتەوێ

هەموو کەسێک بە ئازادی بتوانێ سێکسییەتی خۆی بەڕێوەبەرێ. بەڵام هەمووومان دەزانین ئەو کارە چی بەسەر کۆمەڵگادا دێنێت. ئەمەش خێزانەکان لێك هەڵدەوەشێنێ. هەمووان لەم ڕۆژانەدا باس لە پەیوەندی کراوە دەکەن وەک ئەوەی بەتەواوی ئاسایی بێت! بەڵام ئەوە هەموو شتێک تێکدەدات. هەروەها لە کۆتاییدا جیهانێکمان پێشکەش دەکات کە بەزەحمەت منداڵی تێیدا لەدایک دەبێت. ئەو مرۆڤە کەمەی کە لەدایکیش دەبن تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن چونکە دایک و باوکی ڕاستەقینەیان نییە کە چاودێری و ڕێنوێنییان بکات."

یوسف بۆ ساتێک دەوەستێ، پاشان دەست پێدەکاتەوە و دەڵێت: "ئەم کۆمەڵگایە بۆخۆی، خۆی لەناو دەبات". "هەر بۆیە ئایین زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی ڕێگری لەم کارە بکرێ" من دەبێ بە چاوی خۆم ببینم ئەگەر ئایین لەبیر بکەیت چی ڕوودەدات. «ئەمرۆ تەنانەت ئەو کچانەی سەرپۆشیشیان لەسەرە خۆشەویستێکی کوڕیان هەیە." جیهانێکی گوناهبارم بۆ وێنا دەکات کە پڕە لە شتی خراپ. "مەسەلەکە ئەوە نییە کە لە چاوی باوکت یان براکەتدا پاک بمێنیتەوە." لە دڵی خۆمدا پێم وایە ڕەنگە واعزێکی بچووکی لێ دەربێ. یوسف ڕوونی دەکاتەوە: "دەبێ لایکەم بەرامبەر بە خودا پاك بمێنێتەوە. پێویستە هەموو هەوڵێك بدەین بۆ ئەوەی وێرانکارییەکە ئێمە نەگرێتەوە، بەتایبەت ئێمەی موسڵمان، کە لەلایەن خوداوە بەها نایابەکانی بۆ پاراستنی خێزان پێبەخشیوین: کە مرۆڤ وەک ژن و پیاوێک بۆ هەمیشە پێکەوە بمێننەوە، جیهانێکی پیرۆز بۆ منداڵەکانیان دروست بکەن کە تێیدا زینا و ڕووتی بانگەشەی ناپاکیی

بۆ نەکرێت." گرنگترین قسەکانی خۆی دەڵێ و دەستی ئاراستەی من دەکات: "دەتەوێت هەموو ئەوانە لەناو بەریت؟"

ئێستا ئەوە منم کە دەبێ هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشم. وەڵام دەدەمەوە: "ئەوەی دەیڵێی ڕاست نییە." دواتر هەوڵ دەدەم هەڵوێستی خۆمی بۆ ڕوون بکەمەوە. بێگومان منیش موسڵمانم. بێگومان منیش بەها ئینسانییەکان بە منداڵەکانم نیشان دەدەم. هەروەها کاتێک دەڵێم سێکسییەت نابێ تابوو بێت، ئەوە بە مانای کردنەوەی ڕێگایەکە بۆ ئەوەی گەنجان کونجکۆڵ بن. چونکە گەلێك گرنگە پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ جەستەی خۆت و خۆشەویستەکەت پەرەپێبدەیت. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەموو کەسێک لەگەڵ هەر کەسێک بخەوێت یاخود من داوای ئەوە بکەم هەموو کەسێک بە ئازادی لە هەموو شوێنێک و بەردەوام سێکسییەتی خۆی لا گرنگ بێ. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کە تابۆکردنی سێکسییەت دەبێتە هۆی چاوچنۆکیی مرۆڤ کە ژیان و خۆشەویستیی سروشتییان سەرکوت دەکرێ، دەبێتە هۆی پەرەپێدانی پۆتانسیەلی توندوتیژی دژی خۆیان و ئەوانی دیکە، کە لە لایەکەوە پیاوان تەنیا ژن وەک ئۆبژەی سێکسی سەیر کەن و لەولاشەوە ژن پیاوان بە مەترسییەک لەسەر خۆیان هەست پێبکەن. لێرەدا لەبری بەختەوەری ترس سەرهەڵدەدات.

ڕوو دەکەمە یۆسف و دەڵێم: "ئەوە ئەو شتەیە کە تەندروست نییە. هەروەها ئەوەیە کە دەرئەنجامی کوشندەی هەیە و ئێمەش بەردەوام  لە کۆمەڵگاکەماندا دەیبینین. بۆ نموونە منداڵان کە توانایی هەستکردنیان بە ڕەگەزی بەرامبەر وەک مرۆڤ نییە. ئەگەر خۆشەویستی و ڕێز لە نێوان دوو کەسدا هەبێت، ئەوا دەتوانن

خۆیان بڕیار بدەن ئایا دەیانەوێت پێکەوە بخەون، جا پیاو و ژن یان پیاو و پیاو یان ژن و ژن. ئەمە ئازادییە و نابێت ئێمە بترسێنێت."

به یوسف دەڵێم: "لەم کۆبوونەوەماندا، کچان و کوڕان هەموو پێکەوە لە ژوورێکدا ئاخافتن دەکەین، سەیری یەکتر دەکەین، قسە لەگەڵ یەکتر دەکەین و گوێ لەیەکتر ڕادەگرین. هیچ سێکسێکی گرووپی و هیچ دەستدرێژییەکی سێکسی بەڕێوە نەچووە، لەسەر تەوەری باسەکەمانماینەوە و هیچ کەسێک تەنیا بیریشی لەوە نەکردۆتەوە هێرشی سێکسی بکاتە سەر ئەویتر."

هیوادارم جارجارە ئەم باسانەی وەبیر بێتەوە و لە سیستەمی بیرکردنەوەی ڕقئەستووری خۆی بڕێك دابەزێ. یوسف و گەنجی وەك ئەو لە نێوان نەریت و ئایینێکی کۆن و تازە دروستکراودا گیریان خواردووە. بە سادەیی وەک ئۆتۆماتیکییەکی بچووک، ئەوەی بیستوویەتی و ئەوەی فێری کراوە دووپاتی دەکاتەوە. هەروەها ئایدۆلۆژیای ئایینی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو نادڵنیایی و سەرنەکەوتووە زۆرانەی لە ژیانیدا هەیەتی.

ئەمەش یەکێك لە تایبەتمەندییەکانیتری نەوەی ئەڵڵایە. نۆرمە ئایینیەکان بە هەمان شێوە، بەبێ جیاوازی، بەبێ ڕەنگدانەوە، بەبێ گومان، تەنانەت بەبێ مۆڵەتی گومانلێکردنیان، بەرهەمدەهێنرێنەوە. بۆ ئەندامانی نەوەی ئەڵڵا، کە وەک یوسف زۆرجار تەنانەت نوێژیش ناکەن، ڕێوڕەسمی بچووک دەتوانن ببنە کردارێکی جێگرەوە، وەک نەخواردنی خواردەمەنیی ژەلاتینی کە نەکا چەوری و گۆشتی بەرازیان تێدابێ، هەروەها جەختکردنەوە بۆ هەمووان لەسەر ئەوەی چەندە گرنگە لە خواردنی حەڵاڵ، و بەپێی ڕێسا ئاینییەکان کەڵکوەرگرن.

پاشان بە شێوەیەکی هێرشبەرانە بڵێین: "من موسوڵمانم!. کە جێگەی ناوەڕۆکی ئایین دەگرێتەوە و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ باوەڕە ڕاستەقینە و ڕۆحییەکە پێگەیەکی بەرزتری پێدەدرێت.

ئەگەر دواتر سەلەفییە زیرەکەکان لەبەردەم قوتابخانە یان لە ناوەندی لاواندا خۆیان نیشان بدەن و ئەم ناسنامەیە کە لە توخمە ئایدیۆلۆژییەکان پێکهاتووە، و بناژۆخوازیی توندڕەوی خۆیان پشتڕاست دەکاتەوە، ئەوا یارییەکی گەلێك هاسانیان لەگەڵ گەنجانی وەک یۆسفدا دەبێ. هەرکاتێ مشتومڕە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە ڕادیکاڵکردنی گەنجان بێت، زۆرجار باس لە دەستەواژەی "فەرهەنگی گەنجان" دەکرێت. تا چەند ئەم پۆلێنکردنە لە ڕاستیدا مانای هەیە، لە بەشەکانیتری ئەم کتێبەدا باسی لێوە دەکەین. بۆ ئێستا لانیکەم بەس دەبێ ئەگەر دان بەوەدا بنرێت، مرۆڤ دەبێ لەم چوارچێوەیەدا باس لە دوو فۆڕمی جیاوازی کولتوری گەنجان بکات: لە لایەکەوە جەماوەرێکی بەرفراوان لە گەنجان هەن کە لەم دواییانەدا ئایینەکەیان گەلێك لایان گرنگە، تەنیا وەک کۆڵەکەیەکی سەرەتایی بۆ بنیاتنانی خۆیان و ناسنامەکەیان. کاتێک لێیان دەپرسم ئێوە کێن، لە کوێوە هاتوون، چی وایان لێدەکات کە خۆیان بە  تایبەت دانێن، تاکە وەڵامێک کە زۆرجار دەیبیستم ئەوەیە: "من موسڵمانێکی سەربەرزم!" کاتێکیش پرسیاریان لێدەکەم بۆ نموونە یاسای شەریعەت چییە، زۆربەی ئەم "موسڵمانە سەربەرزانە" وەڵامیان نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە ئایین ڕێگا بۆ ژیانێکی سەربەرز و باش، پێشکەش بە مرۆڤ دەکات.

ئیسلام، موسڵمان بوون، بۆ ئەم گەنجانە مانایەکی ڕاستەقینەی دینداری نییە، بەڵکوو تەنیا سەر بە ئایین بوون شوناسیان بۆ

دروست دەکات. لەم کۆمەڵگایەدا کەسایەتییەکی تایبەتیان پێ دەدات. هەرکەسێک لەخۆی بپرسێت چ شتێك جیاوازیی نێوان ئەم گەنجانە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ باپیرە و داپیرە موسڵمانەکانیان دیاری دەکات، کە ئەوانیش لەم کۆمەڵگایەدا جیاواز بوون، بەڵام ڕادیکاڵ و زێدەڕۆ نەبوون، دەبێ دەرک بە جیاوازییەکی گەلێك جەوهەری بکات. زۆرینەی مرۆڤی بەناو کرێکاری میوان هەمیشە پلانیان هەبووە ڕۆژێک بگەڕێنەوە بۆ زێدی کۆنی خۆیان، لایکەم کاتێ دەگەنە تەمەنی خانەنشینی. بەڵام ئەم گەنجانە لێرە لەدایک بوون و داهاتووی خۆیان لێرە لە ئاڵمانیا دەبینن، بەڵام هەست بە بەشداربوونیان لە کۆمەڵگا ناکەن و، بە تایبەتمەندی موسڵمانبوون، گروپێکی نوێیان دروست کردووە کە ناسنامەی خۆیانی پێ دیاری دەکەن و تێیدا تەنیا هەست بە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤی چەشنی خۆیان دەکەن و هاوکاتیش خۆیان لەوانیدیکە دوور ڕادەگرن.

ئەم جەماوەرە فراوانە لە گەنجان خۆیان ڕادیکاڵ نین، بەڵام زەمینەیەکی بەپیت و بەرەکەت بۆ ڕێکخراوە ڕادیکاڵەکان بۆ پڕوپاگەندەکانیان پێشکەش دەکات. من ئەم گەشەسەندنە کۆمەڵایەتییە توند و تیژە - چونکە لە خزمەت بەم ڕێکخراوە بناژۆخوازانەدایە - وەک پەرەسەندنێک وەسف دەکەم کە ڕێگا بۆ پێکهێنانی نەوەی ئەڵڵا خۆش دەکات.

لە لایەکی دیکەوە دەتوانرێ لە ڕواڵەتی گەنجانی ڕادیکالیزەکراودا تێبینی بکرێت کاتێ باس لە جل و بەرگ یان زمان دەکرێت، کۆدێکی دیاریکراو دەگرنەبەر و لە کۆتاییدا ئەمە خۆی ئاهەنگێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ ڕەنگدانەوەی بەشداربوونیان لە گروپەکە. بەرزکردنەوەی پەنجە و ئاماژەدان بە کێشەکانیان و ڕاکێشانی قامك

بۆ لای ئەوانیتر، یەکێك لەو نیشانە تایبەتمەندانەیە. بە هەمان شێوە بەکارهێنانی وشەی عەرەبی، وەک "ئەخی"(براکەم) یان دەربڕینی سووکایەتیپێکەری "کافر". ڕیشی درێژی گەنجان بەتایبەتی لەناو کۆمەڵدا بەرچاو دەکەوێت.

بۆ ئەوەی بتوانرێ لە گفتوگۆی نێوان گەنجاندا ئەم دوو دیاردەیە جیابکرێنەوە، پێشنیار دەکەم بە لەبەرچاوگرتنی دیاردەی کۆمەڵایەتی گرنگی ئایین لە نێو گەنجاندا، وەک لە نەوەی ئەڵلادا تێبینی دەکرێ، لە چەمکی "هێرشی کۆلتووریی گەنجان" کەڵك وەرگرین. لەبەرامبەردا، "ڕادیکاڵ" یان "کلتوری گەنجانی سەلەفی" ئاماژە بێ بۆ ئەو دیاردانەی کە بۆ وێنە لە جلوبەرگی گەنجانی ڕادیکاڵکراودا دەبینرێ.